# ئیمزام کردووەوئیمزاشم نەکردووە..!

**نوورەددین وەیسی**



دەمێکە بڕیارمداوە ناووئیمزای خۆم نەخەمە سەر ئەو راگەیێنراوو هاوارنامانەی کەسایەتەکانی ئینتەرنێتیان لێ تەژییە، کەچی کەچاوم لە لیستی ئەوناوو ئیمزایانەکرد کە لە دەنگەکاندا دژی گەندەڵی کۆدەکرێنەوە زۆرم بەلاوەسەیر بوو ناوی منیشی تێدابوو،بۆیەدەمودەست هۆوسۆراخەکەم لەکاک گۆرانی بەڕێوەبەری دەنگەکان پرسی ، لەوەرامدا گوتی ناوی تۆ هاوپێچ لەگەڵ کۆمەڵێك ناوی دی بەئیمەیلێکەوە بۆم هاتووە کە بەداخەوە لەیادم نەماوە هی کێ بوو ،دیارە من دڵنیابووم لەوەی گۆران ئەم کارەی نەکردووە چونکە من وئەو جگەلەوەی هاوڕێین ،هاوشاریشین،بۆیە لە کاتی ئاوادا بێگومان پرسێکم هەر پێدەکا، ئیدی ئەو کەسەی ئەمەی کردووە ئەگەر لە چاکەشەوە کردبێتی بەڵام بەداخەوە هیچ حیسابێکی بۆ من دانەناوەو بە بێ ئاگاداری من و لەجیاتی من بڕیاری داوەوئیمزای لەسەر راگەیێنراوێکی دژ بە گەندەڵی کردووە ،لەکاتێکدا من کاری ئەو کەسە - کەتا ئێستا نازانم کێیە- بە جۆرێك لە گەندەڵی دەزانم.!مەگەر یەکێك لە گەندەڵکارییەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان ئەوەنییە  کە هیچ حیسابێك بۆ خەڵکی کوردستان ناکەن ولەجیاتی ئەوان بڕیاردەدەن؟.

پرسەکە ئەوە نییە داخۆ ناوو ئیمزای من گرنگە یان نا، چونکە من زۆر  دەمێکە شەڕم دژی گەندەڵی راگەیاندووە و ساڵانێك لەمەوبەرکەلەناوخۆی کوردستانەوە دژی گەندەڵی دەمنووسی ، ئەوانەی هەنووکە لێرەو لەوێ پرتەوبۆڵەیەك دەکەن ،نەك هەر متەقیان لەخۆیان بڕیبوو بەڵکو چەپڵەو هەلهەلەشیان بۆ گەندەڵکاران لێدەداورەنگە راپۆرتیشیان لەسەر ئێمەنان نووسیبێ،کەدواجار ناچاربووم کوردستان بە جێبێڵم وبێمە ئەو سەهۆڵبەندانەی ئێرە، بەڵام ناردنی ناوی من بۆ سایتەکان ،بەدەستدرێژییەکی گەورە بۆ

سەر مافە کەسییەکانی خۆم دەزانم کەلەسادەترین مانایدا نیشانەی ئەوەیە ئەو کەسەی ئەوکارەی کردووە من بە کۆیلەوبەردەستی خۆی دەزانێت کەمن ئەمە لەهیچ کەسێکی قبول ناکەم.
ئەوەی زۆر باڵکێشە ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لەوانەی دژی گەندەڵین دابەشبوونی کوردستان بەهۆکارێکی سەرەکی ئەم پەتا کوشندەیە دەزانن و وای بۆدەچن یەکخستنەوەی حکومەتەکانی پارتی ویەکێتی تا ئاستێکی زۆر سنوور بۆ گەندەڵی دادەنێت کەئەمەش دەستنیشانکردنێکی زۆر ورد نییە بۆقەیرانەکە، چونکە ڕاستە دابەشبوونی کوردستان زەبرێکی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی مەزنی لە کوردستان داوە،بەڵام ئەزموونی دەسەڵاتی یەك حکومەتی پارتی ویەکێتیشمان لەبەرچاوە کە چۆن گەندەڵی وەك مۆرانە تەشەنەی کردبوو کار بەوە گەیشت لە ساڵی 1994دا پرسیاری تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریا ئاشکرابین ولەبازاڕدا بفرۆشرێن، مەگەر ئەوساش وەك ئێستا کەس هەبوو بەبێ ڕەزامەندینامەو تەزکیەی حیزبی تەنانەت بە زبڵڕێژی شارەوانیش — لەگەڵ ڕێزم بۆیان — دابمەزرێت؟
بێگومان وەستانەوە دژی گەندەڵی کارێکی فرەخاسە ،بەڵام زۆر باشتر بوو ((لیژنەی بەدواداچوونی دژ بە گەندەڵی لەکوردستان-هەولێر)) ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن ، چونکە بەڕاستی ئەوڕۆ خەڵکێکی زۆر — باش وخراپ — پڕوپاگەندەی دژایەتیکردنی گەندەڵی دەکەن تا وای لێهاتووە ئەم درووشمە ڕەوایە خۆشی تووشی گەندەڵی ببێت!، بەشێك لەوانەی ئەمڕۆ خەریکن خۆیان بکەنە دەمڕاستی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەتایبەتیش لەنێوخۆیکوردستاندا،رقێکی کەسیی وتایبەتی لەپشت هاتنەمەیدانەکەیانەوە هەیە،چونکە هەست دەکەن پەراوێزخراون ولەوداهاتە زۆروزەوەندەی بەرپرسەکان پێی ڕادەبوێرن هیچی ئەوتۆ وەبەرئەوان ناکەوێت بۆیە وا فرمێسکی تیمساحی دەڕێژن، هەربۆیەش هەرکاتێك دەسەڵات ئاوڕێکیان لێبداتەوەو پۆستێکیان بداتێ، ئیدی زاریان قەپات دەکەن ودەست بە کورسیەکەیانەوە دەگرن، دیارە نموونەی ئەوانەشمان لەبەرچاوە کە هەتا ماوەیەك لەمەوبەر پارتی ویەکێتییان بە ناپاك ودژبەگەل دادەناوتەنانەت لەگەڵ بەعسیشیان بەراورد دەکردن کەچی هەنووکە لە هەولێرپالاس و سلێمانی پالاسدا لێی ڕاکشاون و ئێستا لای ئەوان کوردستان مێرگی دیموکراسییە وگەندەڵی هەربوونی نییە، ئەدی ئەو دوکتۆروماموٚستایە کوا کە چەند ڕۆژێك لەمەوبەرڕۆژنامەو سایتەکانی پڕ کردبوو لە قسەکردن دەربارەی گەندەڵی ونادادپەروەری وداوای لە - تەلەبەکان! — دەکرد لەدژی گەندەڵی بڕژێنە سەرشەقامەکان،کەچی هەر کە تەلەفۆنێکی لە دەسەڵاتدارێکەوە بۆکراوچەند بەڵێنێکی پێدرا ئیدی هیچ قسەو باسێکیش لەبارەی گەندەڵییەوە نەما..!

بەلای منەوە بەشێکی دیاری بەرپرسایەتی ئەو گەندەڵیەی هەنووکە لە کوردستاندا هەیە دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆشنبیران ، بەتایبەتیش ئەوانەی لەدەسگاکانی سەر بەدەسەڵاتدا کار دەکەن یا ئەو دەستگابەناو سەربەخۆیانەی کە بەشێکن لە گەمەی سیاسی پارتی ویەکێتی، چونکە تا ئێستا نەماندی یەکێکیان لەسەر ئەو ناهەقیانەی کەڕۆژانە بەبەرچاویانەوە دەکرێت ئەگەر بۆ ماوەی هەفتەیەکیش بێت مان بگرێت

ولەماڵەوە دانیشێت ونەچێتە سەرکارەکەی،دڵنیام لە برسانیش نامرێت ، مەگەر هەر ئەوان نین لە رۆژنامە و تیڤیەکانەوە دەهۆڵ و زۆرنایان بۆ دەکوتن ، ئاخر کەنگینێ ڕەوایە هەموو شانەکە لەسەری بەرپرسە سیاسیە باڵاکانەوە بشکێنین ،ئەدی ئەو هەموو لەشکرە مەراییکەرەی راگەیاندن چی ؟

ئەوانەی لەدەرەوەی وڵاتیشن لەکاتێکدا هەزارو یەك درۆ و فرتوفێڵ و کاری نایاسایی لەو وڵاتانە دەکەن کەلێی دەژین وبەنایاسایی پارە کۆدەکەنەوە و بە درۆ لەژنەکانیان جیا دەبنەوە تا لە هەندێك یارمەتی وخانوو وهەندێ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بەهرەمەند ببن کە تایبەتن بە ژنانی جیابووەوە و....هتد ئایا بۆ ئەوانە باشتر نییە بەرلەوەی باسی گەندەڵی پدك وینك بکەن تۆزێکیش لەکاروکردەوەکانی خۆیان رامێنن، چونکە دزی وفرت وفێڵ وخواردنی مافی خەڵکی کەم بێ یا زۆر دواجار هەر گەندەڵییە.
بۆیە ئەی هاوڕێ وهەڤاڵانی دژ بەگەندەڵی باوەڕ بفەرموون هەموومان بایی خۆمان لەو گەندەڵییە بەرپرسین کە ئێستا لە کوردستاندا خەریکە بەردیش وە قسە دێنێ..!

nuradinwaisi@hotmail.com